Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

## دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی کەمئەندامی:

# فەراهەمکردنی زانیاری پاڵپشتیکار



ئەم ڕێنمایە بۆ تۆیە ئەگەر تۆ:

- کەمئەندام بیت یان دۆخێکی تەندروستی درێژخایەنت هەیە
- دایک و باوک/ بەخێوکاری منداڵێکی کەمئەندام یان منداڵێک کە دۆخێکی تەندروستی درێژخایەنی هەیە
- کەسێک کە پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام  یان کەسانێک کە دۆخی تەندروستی درێژخایەنیان هەیە دەکات یان سەرپەرشتییان بۆ فەراهەم دەکات (بۆ نموونە کارگوزاری پاڵپشتیکردن، پەرستار، مامۆستا، چارەسەرکاری پیشەیی یان پزیشکی گشتی (جی پی)

کاتێک کەسێک داوا بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان یان  بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ پێشکەش دەکات ئێمە پێویستیمان بە یەک پارچە زانیاری پاڵپشتیکار هەیە لە پیشەگەرێکەوە بۆ جێبەجێکردنی داوانامەکەیان.

ئێمە ئەوە شانبەشانی ئەو زانیاریانە بەکار دەهێنین کە لە کە فۆڕمی داوانامەکەدا فەراهەم کراون بۆ یارمەتیدانمان بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕاست و دروست.

## ئایا زانیاری پاڵپشتیکار لە پیشەگەرێکەوە چییە؟

ئەوە ئەو زانیاریانەیە کە دۆخی تەندروستی، کەمئەندامی یان پێداویستییەکانی داواخوازەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوانە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕوونووسی ئەو بەڵگەنامە یان نامانەن کە داواخوازەکە لەوانەیە لە ماڵەوە هەیبێت.

نمونەکان ئەمانە دەگرنەوە:

- پلانەکانی سەرپەرشتی
- لیستی ڕەچەتەی دەرمان
- پلانی پێداویستییە زیاترەکانی منداڵ
- نامە لە دەسەڵاتێکی خۆجێییەوە کە گونجاندنی خانووبەرە بۆ کەمئەندام بخاتە ڕوو
- نامە یان ڕاپۆرتێک لە سەرچاوە مرۆییەکان (HR) ـەوە کە گونجاندنی شوێنی کار بۆ کەمئەندام ڕوون بکاتەوە
- نامە لە مامۆستاکانەوە کە ئەوە ڕوون بکاتەوە منداڵەکە لە قوتابخانە چ پشتگیرییەکی پێویستە
- نامەی ڕەوانەکردن بۆلای تایبەتمەندەکان (بۆ نموونە خزمەتگوزاری دەروون دروستیی مناڵان و هەرزەکاران CAMHS)

زانیاری پاڵپشتیکار لە پیشەگەرێکەوە دەبێت پەیوەندیدار بێت بە پێداویستییەکانی داواخوازەوە هەر وەک لە فۆڕمی داوانامەکەیاندا باس کراوە. بەڵگەنامەی کۆنیش هێشتا هەر دەشێت پەیوەندیدار بێت، بۆ نموونە، داواخوازکە ماوەیەکی دوورودرێژە ئەو دۆخە تەندروستییەی هەیە.

ئەو بەڵگەنامانەی کە وردەکارییەکانی پیشەگەرەکەیان لەسەرە و/یان لەسەر وەرەقەی فەرمی نوسراون زۆر جار لە هەمووان بەسوودترن.

## پێشکەشکردنی زانیاری پاڵپشتیکار

ئەو کەسانەی کە داوا پێشکەش دەکەن دەبێت زانیاری پاڵپشتیکار لە پیشەگەرێکەوە شانبەشانی داوانامەیەکەیان پێشکەش بکەن، ئەگەر بگونجێت.

لەبری ئەمە، ئێمە دەتوانین لەبری داخوازێک داوای زانیاری پاڵپشتیکار لە پیشەگەرێک بکەین، ئەگەر داوای ئەوەمان لێ بکات. ئەمە بۆی هەیە ماوەیەکی پێ بچێت و ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی خێراتر دەبێت ئەگەر زانیاری پاڵپشتیکار لەلایەن داواخواز خۆیەوە فەراهەم بکرێت.

ئەگەر هیچ زانیارییەکی پاڵپشتیکار لە پیشەوەرێکەوە نەبێت، ئێمە هاوکاری داواخوازێک دەکەین بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییەکانیان و دەرکردنی بڕیارێک.

## زانیاری پاڵپشتیکار دەکرێت لە چ جۆرە پیشەگەرێکەوە بێت؟

زانیاری پاڵپشتیکار دەکرێت لە زنجیرەیەکی فراوان پیشەگەرەوە بێت لە کەرتی سێهەم، تایبەت و گشتیدا. لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە پیشەگەرەکە شارەزای دۆخی تەندروستی، کەمئەندامیی یان پێداویستییەکانی کەسەکە بێت.  لەنێو ئەو کەسە پیشەگەرانەی کە دەتوانن زانیاری پاڵپشتیکار پێشکەش بکەن ئەمانەن:

- کارگوزارە کۆمەڵایەتییەکان، یاریدەدەرانی پشتگیری و چارەسەرکارانی پیشەیی
- چارەسەرکاری سروشتی، ڕاوێژکار و پەرستارەکان
- مامۆستا و یاریدەدەرانی مامۆستا

## ئایا پیشەگەرەکان پارەیان دەدرێتێ بۆ فەراهەمکردنی زانیاری پاڵپشتیکار؟

پزیشکی گشتی (جی پی) و ڕێکخراوەکانی کەرتی سێهەم (خێرخوازییەکان) کە ئێمە داوای زانیاری پاڵپشتیکاریان لێ دەکەین دەتوانن هەقدەسێک لە دڵنیایی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا وەربگرن.

## ڕێگەی دیکە بۆ ئاگادارکردنەوەمان لە پێداویستییەکانی ڕۆژانە

ئەو کەسانەی کە داواکاری بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی کەمئەندامی پێشکەش دەکەن دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆئەوەی بڕیاری ڕاست و دروست بدەین لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی داوانامەکەوە بۆئەوەی هەر چەندە بگونجێت زانیاری زیاترمان بدەنێ سەبارەت بەوەی کە دۆخە تەندروستیی یان کەمئەندامییەکەیان چۆن کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان دادەنێت.

داواخوازەکان هەروەها دەتوانن زانیاری پاڵپشتیکاری زیاتر لە ڕایەڵەی فراوانی پشتگیریی خۆیانەوە پێشکەش بکەن لەنێوانیاندا هاوڕێ و خێزان و خزم و کەسوکار. ئەوە دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لە ئاستی پێویستییان.

## بارکردنی زانیاری پاڵپشتیکار

تۆ دەتوانیت بەڵگەنامەکانت لەسەر ئینتەرنێت بار بکەیت ئەگەر پێویستیت بەوە بوو کە هەر زانیارییەکی پاڵپشتیکار بۆ دڵنیایی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا بنێریت. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئێرە بکە **mygov.scot/uploading-your-documents**

## زانیاری زیاتر

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ئێرە بکە -**mygov.scot/supporting-information-disability benefits** یان پەیوەندیمان پێوە بکە بە ژمارە **0800 182 2222**. پیشەگەرەکان دەتوانن دەستیان بە ڕێنوێنی زیاتر ڕابگات لە **socialsecurity.gov.scot/supportinginformationguidance**

### چۆن پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەیت؟

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 18001 +0300 244 4000 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی:contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

فۆلۆی دڵنیایی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا (Social Security Scotland) بکە